kurdishebook.com
KURDISHeBook
@KURDISHeBook


# آموزش زبان کردی

## کتاب سوّم

تهیه و تدوین: جامعه کردهای اروپا

evinebook.blogfa.com

# لە سەرەتای ساڵەوە




**براکانم! خوشکەکانم!**
**هاورێ خۆشەویستەکانم!**
**دەرگای مەکتەب کرایەوە**
**پشووی هاوین بڕایەوە**
**جا نۆرەی قوتابخانەیە**
**کە بۆ زانین هێلانەیە**
**بە یەکتر شاد ئەبینەوە**
**ڕێگای خوێندن ئەگرینەوە**

**هۆنراوەی: کاکەی فەلاح - دیوانی: چرۆ**

---

* لێکدانەوەی وشەکان

هاورێ: هەڤاڵ
پشوو: حەسانەوە، بهنڤەدان
مەکتەب: قوتابخانە، خوێندنگە
هێلانە: شوێنی حەسانەوەی مەل و باڵندە

---

* **پرسیار**

1. چۆن پشووی هاوینت بردە سەر؟ (وەڵامەکەی لە چەن دێرێکدا لە ناو دەفتەرەکەتدا بنووسەوە!)

2. کوێ بۆ زانین هێلانەیە؟

3. ناوی قوتابخانەکەت چیە؟

4. تۆ ئێستا پۆلی چەندی؟

* هەر کام لەو ڕستانەی خوارەوە لە ڕستەیەکدا بە کار بێنە:

هاوین ..............................

پشوو ..............................

ڕێگا ..............................

خوێندن ..............................

قوتابخانە ..............................

هاوڕێ ..............................

خۆشەویست ..............................

---

* ڕاهێنان

چاو لە دەرسەکە مەکە و ئەم بۆشاییانە پڕ کەوە:

براکانم! ..............

.............. خۆشەویستەکانم!

.............. مەکتەب ..............

پشووی .............. بڕایەوە

جا نۆرەی ..............

کە بۆ .............. هێلانەیە

بە یەکتر .............. ئەبینەوە

ڕێگای .............. ئەگرینەوە

* ئەم شێعرە جارێک لە ناو دەفتەرەکەتدا بنووسەوە!

# تۆپ تۆپێن



ئەی تۆپەکە فتبۆڵەکە
من دێم لە دەستم رامەکە
تۆ تۆپی یاری کردنی
وەک کوولەکەی رۆحی منی
وەختێ کە چویتە ئاسمان
بانگ کە لە گەڵ من یەک زوبان
خۆش بێ وەتەن خۆش بێ وەتەن
بەرز بێ وەتەن بە عیلم و فەن

## راهێنان

⁕ جارێک لەو شێعرە بنووسەوە:

........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................


Copyright © Kurdi.fi

kurdishebook.com
KURDISHeBook


* ڕاڤە

فتبۆڵ : تۆپی پێ
ڕامەکە : غارمەکە، هەڵمەیە
کوولەکە: کودی
یاری : وازی، کایە

وەختێ : کاتێ
وەتەن : نیشتمان، وڵاتی خۆ
عیلم : زانست
فەن : تێکنیک

---

* هەر کام لەو وشانەی خوارەوە سێ کەڕەت بنووسەوە:

تۆپتۆپێن ..........
ڤالیبۆڵ ..........
باسکتبۆڵ ..........
ئاشەبەتەنوورە ..........
بازبازێن ..........
مووشێن ..........

---

* هەر کام لەم وشانە خوارەوە لە ڕستەیەک دا بەکار بهێنە:

نیشتمان ..........
ئاسمان ..........
زمان ..........
بەرز ..........
تۆپ ..........

Copyright © Kurdi.fi

evinebook.blogfa.com

# مۆسیقا

دنگ دنگ عودم بۆ لێدە

بەرگی خەفەت فڕێدە

ورد ورد وەرە هەڵپەڕە

وەکو پەپوولە بفڕین

چەپ چەپ چەپڵەڕێزانە

جەژنە جەژنی کوردانە

وەکوو من بە هەروەها

پێبکەنە ها.. ها.. ها..



## ڕاهێنان

* جارێک لەو شێعرە بنووسەوە:

................................................................................

................................................................................

................................................................................

................................................................................

................................................................................

................................................................................


................................................................................



................................................................................

................................................................................

Copyright © Kurdi.fi



* ڕاڤە

خەفەت: خەم، ناراحەتی، پەژارە

بەرگ : جل، لیباس

عــود : ئامێرێکی مۆسیقا

---

* هەر کام لەو وشانەی خوارەوە سێ کەڕەت بنووسەوە:

مۆسیقا ..............................................................................................................

عـود ..............................................................................................................

هەڵپەڕین ..............................................................................................................

چەپڵەڕێزان ..............................................................................................................

---

* هەر کام لەم وشانە خوارەوە لە ڕستەیەک دا بەکار بهێنە:

فڕین ..............................................................................................................

پێکەنین ..............................................................................................................

عود ..............................................................................................................

پەپوولە ..............................................................................................................

جەژن ..............................................................................................................

کورد ..............................................................................................................






Copyright © Kurdi.fi

# پیتی چاپ

زانایەکی ئاڵمانی کە ناوی گۆتەنبەرگ بوو، ڕۆژێک بۆ سەیران چووبووە بۆ ناو دارستانێک، لە گەڕانەوەدا ویستی دیاریەک لەو دارستانەوە بۆ منداڵەکانی بەرێتەوە. هێنای بە چەقۆ لە توێکڵی دار شێوەی چەند پیتێکی تاشی و لە پارچە کاغەزێکیەوە پێچاوە و خستیە گیرفانیەوە.

کاتێ گۆتەنبەرگ گەیشتەوە ماڵ و منداڵەکانی لێی کۆبوونەوە بزانن چی بۆ هێناون، پارچە کاغەزەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و کردیەوە کە پیتەکانی پیشانی منداڵەکان بدات، دیتی کە قاقەزەکە ئاوی توێکلە دارەکەی هەل مژیوە و وێنەی پیتەکانی لە سەر دەرچووە.

گۆتەنبەرگ لەم ڕوداوە سەری سووڕماو کەوتە بیر کردنەوە. پاشان بڕیاریدا کە لەم دۆزینەوەیە سوود وەربگرێت و لە دوای ماوەیەک توانی پیتی چاپکردن دروست بکات.



ئەم دۆزینەوەیەی گۆتەنبەرگ دەرگای بڵاوبوونەوەی کتێبی بە ڕووی خەڵکی دنیادا کردەوە و مرۆڤی لە نەزانین و نەخوێندەواری ڕزگار کرد.

---

* ڕاڤە

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پیت | : | حەرف، تیپ | گەڕانەوە | : | زڤرینەوە |
| گیرفان | : | بەریک | سەری سووڕما | : | مەدەهۆش بوو، پێی سەیر بوو |
| سوود | : | قازانج | ویستی | : | دڤیا |
| ڕزگار کرد | : | قوتار کرد | منداڵ | : | زارۆک، بچووک |

kurdishebook.com
KURDISHeBook


* ڕاهێنان

1. گۆتەنبەرگ لە توێکڵی دار شێوەی چی تاشی؟

2. کاغەزەکە ئاوی چی هەڵمژی بوو؟

3. گۆتەنبەرگ بۆ کوێ بۆ سەیران چووبوو؟

4. ئەو کارەی گۆتەنبەرگ دنیای لە چی ڕزگار کرد؟

5. لە دەفتەرەکەتدا جارێک لەو دەرسە بنووسەوە.


Copyright © Kurdi.fi
evinebook.blogfa.com

# هەرەوەز

کوڕێ بوو ناوی دارا بوو
وریا و زیرەک و دانا بوو
هەرچی کەوتە بەر چاوانی
ئەچووە بنج و بناوانی
ڕۆژێ ئەوە دیقەتی کرد
تەنیا مێروولەیەکی ورد
لە دەنکە گەنمێ ئاڵاوە
زۆر بەدەستیەوە داماوە
چەندی ئەکرد بۆی نەئەبرا



هێز و قووەتی لێ بڕا
ئەنجا ماندوو بوو لێی دا ڕۆی
هی تری هێنا لە گەڵ خۆی
چوونە سەری و کاتێ زانی
گەنمیان برد بە ئاسانی
دارا لەمە عیبرەتی گرت
پەندێکی باشی لێ وەرگرت
وتی هەر کارێ گرانە
بە هەرەوەزی ئاسانە

بێکەس

---

* ڕاڤە

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەرەوەز | : زبارە، کاری بە کۆمەڵ | بۆی نەئەبرا | : نەیدەتوانی بیبات |
| دیقەتی کرد | : لێی ورد بۆوە | ورد | : چکۆلە |
| ئەچووە بنج و بناوانی | : لێی دەکۆڵیەوە | داماو | : کەساس |
| مێروولە | : مرۆچە | عیبرەت | : پەند |
| لێی ئالاوە | : خەریکیەتی | ئاسان | : هاسان، سووک |



Copyright © Kurdi.fi



* پرسیار:

1- دارا ڕۆژێک چەند مێرووولەی دیت؟

2- مێرووولەکە گەورە بوو یان بچووک؟

3- کە مێرولە زانی دەنکە گەنمەکەی بۆ نابرێ چی کرد؟

4- لە دواییدا دارا چی گوت؟

---

* هەر کام لەم وشانە خوارەوە لە ڕستەیەک دا بەکار بهێنە:

هەرەوەز ....................

هێز ....................

زیرەک ....................

گەنم ....................

مێروولە ....................

پەند ....................

کار ....................

ئاسان ....................

وریا ....................


Copyright © Kurdi.fi

* به کورتی ئەو چیرۆکه بگێڕەوه که شێعرەکەی له سەر هەڵبەستراوە:

.................................................................................................................................................

.................................................................................................................................................

.................................................................................................................................................

.................................................................................................................................................

.................................................................................................................................................

.................................................................................................................................................

.................................................................................................................................................

.................................................................................................................................................

.................................................................................................................................................

.................................................................................................................................................

.................................................................................................................................................

.................................................................................................................................................






Copyright © Kurdi.fi

kurdishebook.com
KURDISHeBook


# هێز لە یەکێتی دایە

« برا لە پشت برا بێت، مەگەر قەزا لە لای خودا بێت ».



هەبوو نەبوو، کابرایەک هەبوو حەوت کوڕی هەبوو. ئەم کوڕانە لە بەر ئەوەی لە گەڵ یەک ناکۆک بوون و بە هیچ ڕەنگێک دانیان بەیەکەوە نەدەکولا، باوکیان بێزار کردبوو. باوکە هەرچەندی دەکرد و دەکۆشا یەکیان بخات هیچ سوودی نەبوو..

ئەم باوکە بیری هێنا و بیری برد تا ڕیگایەکی دیتەوە. هێنای حەوت «دارتیری» بەست بەیەکەوە. پاشان هەر حەوت کورەکەی بانگ کرد و پێی گوتن: بزانم کامتان ئازایە و دەتوانێت ئەم دەستە شوولە بشکێنێت خەلاتێکی باشی دەدەمێ..

هەر حەوتیان یەک بە یەک تاقیان کردەوە، نەیانتوانی دەستە شووڵەکە لاریش بکەنەوە.

پاشان باوکەکە هات دەستە شووڵەکەی کردەوە و یەک یەک دایە دەستیان، هەموو بە هاسانی شکاندیان.

باوکە تەماشای کردن و گوتی:

- بزانن ئەگەر هەر حەوتتان بە یەکەوە بن و پشتی یەک بگرن وەک ئەو حەوت شووڵە وان، کەس پێتان ناوێرێت. بەڵام ئەگەر بەم جۆرەی ئێستا بە تاکە تاکە


Copyright © Kurdi.fi
evinebook.blogfa.com

بمێننەوە، با ئازاو بەهێزیش بن زۆر بە هاسانی دەشکێن و دوژمن لە ناوتان دەبات. ئیتر هەر ئەوەندەتان پێ دەڵێم کە ئەگەر برا لە پشت برا بێت مەگەر قەزا لە لای خودا بێت.

کوڕەکان ئەم گوتنەی باوکیان زۆر بە دڵدا چوو. بەڵێنیان دایە پشتی یەک بگرن و ناکۆکی و دوو بەرەکی بخەنە لاوە.

---

**٭ ڕاڤە**

ناکۆک: پێک نەکردن، یەکنەبوون، ئاژاوە لە ناودا بوون.

کامتان: کی ژ وە.

بجووڵێنن: بلڤینن.

لە کۆتاییدا: دوماهیدا.

گوتن: قسە، ئاخافتن، وتن.

بەڵین: پەیمان.

شووڵ: شڤک.

سوود: کەڵک، قازانج.

---

**٭ پرسیار**

1. ئایا حەوت براکە لە گەڵ یەک ڕێک بوون یان ناکۆک؟

2. باوکیان تێ دەکۆشا چی بکات؟


Copyright © Kurdi.fi

3. کامیان شکاندنی ئاسانترە: شووڵێك بە تەنیا یان حەوت شووڵ بە یەکەوە؟

4. ئایا بۆ کۆمەلی ئێمە یارمەتی و هاوکاری و یەکێتی باشە یان خۆپەرستی و بەرەڵلایی؟

5. ئایا لە دواییدا کوڕەکان گوتنی باوکیان بە دڵدا چوو؟ چ بەڵێنێکیان بە باوکیان دا؟

---

❊ ووشەکانی خوارەوە وەکوو نموونەکە لێ بکە:

- کوڕ ← کوڕەکە ← کوڕەکان
- باووک ← ←
- شووڵ ← ←
- کۆمەڵ ← ←
- بووک ← ←


Copyright © Kurdi.fi

* وانەکە بخوێنەوە و ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕ بکەوە:

برا لە پشت برا ........................................................ .

ئەگەر بە تاکەتاکە بمێننەوە با ................................ زۆر بە هاسانی ........................ و دوژمن ................................ .

کوڕەکان ..................... دایە پشتی یەک ..................... و ناکۆکی و .....................

بخەنە ..................... .

---

* هەر کام لەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەیەک دا بەکار بهێنە:

کابرایەک ........................................................

بێزار ........................................................

ئازا ........................................................

لار ........................................................

هاسانی ........................................................

بەهێز ........................................................

بەڵێن ........................................................

یەکگرتن ........................................................

دووبەرەکی ........................................................



Copyright © Kurdi.fi

kurdishebook.com
KURDISHeBook



# پردی دەلال لە زاخۆ

لە ناو شارە جوانەکانی کوردستاندا، شارێک هەیە بە ناوی زاخۆ، کە پەنجا کیلۆمەتر لە دهۆکەوە دوورە.

زاخۆ شارێکی زۆر کۆنە، کەوتۆتە ناو دۆڵێکی بچووکەوە لە کەنار ڕووباری خاپووردا، لـە هەر چوارلایەوە کۆشک و خانووی جوان درووست کراوە. دیمەنی ڕووبار و خانووەکان لەگەڵ دیمەنی باخچە و چیا ڕەنگینەکان گەڵێک دڵگیرن.

ئەم ڕووبارە بەم دیمەنە جوانەیەوە دەڕواتە خواری تا دەگاتە گوندی «دۆڕنەخ».




لەوێندەری تێکەڵی ڕووباری «هیزل» دەبێت و پاشان هەردووکیان لە نزیک گوندی «فیشخاپوور» لەگەڵ ڕووباری «دیجلە» دا دەبنە یەک.

زاخۆ میوەیەکی چاک و خۆشی هەیە. لە ناو جلە کوردیەکاندا ڕانکوچۆخەی زاخۆ کە لە خوری و مەرەز درووست دەکرێت زۆر بەناوبانگە. هەروەتر لە دەوروبەری ناوچەی زاخۆ نەوت هەیە و دەبێژن گوندی «شەرانس» کە لەوێ نزیکە ڕەژی بەردی تێدایە. شەرانس هەروەتر هاوینەهەوارێکی زۆر فێنک و خۆشە.



evinebook.blogfa.com

زاخۆ گەلێک شوێنەواری مێژوویی تێدایە. لە هەموویان گرینگتر «پردی دەلالە» کە لە شوێنە مێژووییەکانی کوردستانە. پردەکە لە چاخێکی زۆر کۆندا دروست کراوە و مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ماد و ڕۆمانیەکان.



ئەم پردە لە پێنج تاق پێکهاتووە، درێژایی ١١١ میترە و پانیەکەشی لە چوار مەتر زیاترە.

ئەم پردە نموونەی ئاشکرای شارستانیەتی ناوچە و نیشانەیەکی باشی توانایی و مەزناهی باب و باپیرە گەورەکانی ئێمەیە.

---

* ڕاڤە

| | |
|---|---|
| دەلال : جوان و خوێنشیرین، (لێرەدا ناوە بۆ پردەکە) | ڕانکوچۆخە: شاڵوشەپک (جۆرێک جل) |
| دۆڵ : گەلی، شیو، دەرە | لەوێندەرێ : لەوێ، لە جێگەکە |
| ڕووبار : چۆمی گەورە، چەم، شەت | گوند : دێ، لادێ، ئاوایی |
| دیمەن : بەرچاو، چاوەنداز | چاخ : دەوران، زەمان، کات |
| هاوینەهەوار: هاقینگە، کوێستان، ئاران، ڤار | شارستانیەت: پێشکەوتوویی، ژیاری |
| ناوچە : مەڵبەند، هەرێم، وار | مەزناهی : گەورەیی، مەزنیەتی |
| | ڕەژی بەرد : ڕەژووی بەرد، بەردی خەڵووز |

---

* پرسیار

1. شاری زاخۆ کەوتۆتە کوێی کوردستان؟

..............................................................................................


Copyright © Kurdi.fi

2. پردی دەلال لە کام شارە و لە چ دەور و چاخێکدا سازکراوە؟

.............................................................................................................

.............................................................................................................

3. بۆچی زۆرکەس لە هاویندا دەچنە ناوچەی زاخۆیە؟

.............................................................................................................

.............................................................................................................

4. لە دەوروبەری زاخۆیە چ جۆرە کانزایەک هەیە؟

.............................................................................................................

.............................................................................................................

5. چ جۆرە بەرهەمێکی ناوچەی زاخۆیە ناوبانگی دەرکردووە؟

.............................................................................................................

.............................................................................................................

---

❋ هەرکام لەم وشانەی خوارەوە بخە ناو ڕستەیەکەوە:

ئاسمان .............................................................................................

کوردستان .............................................................................................

ڕووبار .............................................................................................

دەلال .............................................................................................

مێژوو .............................................................................................

دیمەن .............................................................................................


Copyright © Kurdi.fi



# سەیران

ڕۆژانی پشوو و جەژن، زۆربەی خەڵکی شار لە ماڵ وەدەر دەکەون و بۆ چەن ساتێک حەسانەوەی بیر و دەرون، ڕوو لە شوێنە جوان و خۆشە سروشتی و خۆزاییەکان دەکەن.

لە ژێر دار و ناو سەوزەگیای قەراغ ئاودا جێگا ڕادەخەن و خواردن درووست دەکەن. هەتا ئێوارێ بە یاری و گۆرانی و خۆشی ڕایدەبوێرن. ئەو ڕابواردنە پێی دەڵێن سەیران.

ئەو سەیرانە بریتیە لە گەڕان و نان خواردن و گوێ لە مۆسیقا گرتن. زۆر جاران لە کاتی سەیرانێ خەڵک دەستە دەستە کۆ دەبنەوە و دەیکەنە دیلان و هەڵپەرکێ. جاران وا بوو کە بیجگە لە گۆوەندگرتن گەنجان خەریکی یاری تۆپێن، کەوشەک، هەلووکێن،


Copyright © Kurdi.fi

kurdishebook.com
KURDISHeBook




حەوتبەردە، سێبازە و...
دەبوون. ئێستاکە زۆربەی
ئەو کایانە لە بیر چوونەتەوە
و زۆر کەس هەر ناویشیان
لە بیر نەماون.

جاران بە تایبەتی لە
سەرەتای بەهارانی هەموو
ساڵێکدا گەمەی پاشاپاشایێن
یان میرمیرێن ڕێک دەخرا. لە ناو یاریەکەدا یەکێکیان بە پاشا یان میر هەڵدەبژارد، دەستێک جلی پاشایانەیان لەبەر دەکرد و وەزیر و پیاوماقووڵ و کاربەدەست و پۆلیسیان بۆ دادەنا. بە گشتی لەو کاتەدا ئەو میرە هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی هەبوو.

---

❋ ڕاڤە و لێکدانەوەی وشەکان

گۆرانی: ستران
سێبازە: سێگاڤ
کەوشەک، هەلووکێن، حەوتبەردە و سێبازە: هەموویان ناوی یاریە کۆنەکانی خەڵکی کوردستانن.
گۆوەند: گۆڤەند، شایی و هەڵپەڕکێ
دیلان: هەڵپەڕکێ، داوەت، خۆشی
یاری: کایە، گەمە

---

❋ پرسیار

1. سەیران چیە؟ .......................................................................................................

..........................................................................................................................

..........................................................................................................................


Copyright © Kurdi.fi
evinebook.blogfa.com

2. ناوی چەن یاریەکی کۆنی کوردی بنووسە؟ ..............................................................................

..............................................................................................................................................

3. کایەی میرمیرێن چۆنە؟.......................................................................................................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

4. خۆت ناوی چ کایەکی تر دەزانی کە لێرەدا باسی نەکراوە؟ کایەکە چۆنە؟ ..................................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

* لە وشەکانی هەر هێڵێکی خوارەوە رستەیەکی تەواو پێک بێنە:

*دەکەن ، تۆپ ، منداڵان ، یاریی ، بە*

..............................................................................................................................................

*ئێوارێ ، یاری ، هەتا ، گۆرانی ، رایەبوێرن، خۆشی ، یاری ، بە ، و ، و*

..............................................................................................................................................

*کوردستاندا ، سروشتی ، خۆشە ، سەیران ، لە ناو ، زۆر*

..............................................................................................................................................


Copyright © Kurdi.fi

# شێوازی ئاخاوتن



باوکێک ئامۆژگاری منداڵەکەی خۆی دەکرد دەیگوت: ڕۆڵەی خۆم: ئەگەر لەکۆڕێک دانیشتیت کەم بڵێ و زۆر ببیستە، ئەگەر ویستت قسە بکەیت، قسە بە کەس مەبڕە، چاوەڕوانی ئەوە بە تا نۆرەی تۆ دێت و خەڵکەکە هەموو گوێت لێدەگرن.

جا کە قسەت کرد درێژەی پێمەدە، چونکە ئەوەی زۆر بڵێ هەڵەش زۆر دەکات، با قسەکانیشت ڕوون و ڕەوان بن، دەنگت بەدەرەوە بێت و ڕاوێژت خۆش و گفتت شیرین بێت بۆ ئەوەی دڵی خەڵکەکە ڕابکێشیت و کاریان تێبکەیت.

ڕۆڵەی خۆم: ئەگەر یەکێک قسەی بۆ کردیت هۆشی بدەیە و چاک گوێی لێ بگرە، بەشتی ترەوە خۆت خەریک مەکە، چونکە چاک گوێ لێگرتن بەڵگەی پەروەردەی باش و ڕەوشتی پێگەیشتووە.

---

* **ڕاڤە**

ئاخاوتن: قسەکردن

ببیستە: گوێ لێ بگرە

ڕاوێژ : شێوەی قسەکردن

گفت : ووتە

شێواز : ڕێ و شوێن و ئاداب

منال : زارۆک، منداڵ


Copyright © Kurdi.fi

## ٭ ڕاهێنان

٭ نیشانەی (%) لە بەر دەم مەبەستی دروست دابنێ و نیشانەی (√) لەبەردەم هەڵەکان دابنێ:

1- ئەگەر یەکێک قسەی بۆ کردیت:

( ) کتێب بخوێنەوە.

( ) ڕووی تێبکەو گوێی بدەیە،

( ) لەگەڵ هاوڕێکەتدا قسان بکە.

( ) قسەکەی پێ ببڕە.

2- ئەگەر قسەت بۆ یەکێك کرد:

( ) زۆر بلێ.

( ) دەنگت بەرز کەوە.

( ) بەدەنگێکی لەسەرەخۆی بەدەرەوە قسە بکە.

( ) قسەی ئاڵۆزی بۆ بکە.

---

٭ لەم ڕستانەی خوارەوەدا ئەوانەی کە ڕاستن بە هێڵێک (خەتێک) بە یەکتریان بگەیەنە:

| | |
|---|---|
| ساڵ برێتییە لە | دروست دەکەین |
| لە پاییزدا بەرهەمی ساڵ | چوار وەرز |
| شێرە بەفرین لە زستاندا | گوێز و مێوژ و گەزۆ |
| شەوچەرە برێتییە لە | کۆ دەکرێتەوە |


Copyright © Kurdi.fi

kurdishebook.com

KURDISHeBook





رێوی



بزنەکێوی



ئاسکەکێوی



گورگ









ئاسک/مامز/کارمامز

Copyright © Kurdi.fi



evinebook.blogfa.com



پڵنگ



یوزپڵنگ



بەبر


Copyright © Kurdi.fi





سووسمار/تیمساح/کرۆکۆدیل





هەڵۆ (مێ: تەوار)





بۆق/بەق/قڕبۆق/قوڕواق

لاشخۆر



Copyright © Kurdi.fi

| | | |
|---|---|---|
|  |   |  |
| ماسیگرە | پێلیکان | حاجیلەقلەق |
|  |   |  |
| قاز | مراوی (مێ: سۆنە) | قوو |
|  |  |  |
| سمۆرە | گۆریل | کەرگەدەن |

Copyright © Kurdi.fi

kurdishebook.com
KURDISHeBook


| | |
|---|---|
|  |  |
| سەرمازەڵە | مارمێلکە |
|  |  |
| زەڕافە | شەمشەمەکوێرە |
|  |  |
| کەرەکێوی / کەرەوەحشی / گۆڕ / زێبرا | کوند / کوندەپەپۆ |


Copyright © Kurdi.fi
evinebook.blogfa.com

| | |
|---|---|
|  |  |
| پشیلە | هەنگ / مێشەهەنگوێن |
|  |  |
| قەناری | کەو |
|  |  |
| تووتی | مار |


Copyright © Kurdi.fi

ناو: ________________

* ئەم نووسراوەی خوارەوە دەدانە هەڵەی تێدایە، هەڵەکان ببینەوە و درووستەکەیان لە ژێر خۆیانەوە بنووسە:

شێوازی ئاخاوتن:

باوکیک ئامۆژگاری منالەکەی خۆی دەکرد و دەیگووت: ڕۆلەی هۆم: ئەگەر لە کۆڕێک

دانیشتیت کەم بلی و زۆر ببیستە، ئەگەر ویستت قسە بکەیت، قسە بە کەس مەبڕە،

چاوەڕوانی ئەوە بە تا نۆرەی تۆ دێت و خەلککە هەموو گوێت لێ دەگرن.

جا کە قسەت کرد درێشەی پێ مەدە، جونکە ئەوەی زۆر بلێ هەلەش زۆر دەکات، با

قسەکانیشت ڕوون و ڕەوان بن، دەنگت بە دەرەوە بێت و ڕاوێژت خۆش و گفتت سیرین

بێت بۆ ئەوەی دلی خەلکەکە ڕابگێشیت و کاریان تێبکەیت.

ڕۆلەی خۆم: ئەگەر یەکێک قسەی بۆ کردیت هۆشی بدەیەو چاک گوێی لێ بگرە، بەشتی

ترەوە خۆت خەریك مەکە، چونکە خاك گوێ لێ گرتن بەلگەی بەروەردەی باشو

ڕەووشتی پێ گەییشتووە.

---

*** لێکدانەوەی وشەکان:**

ئاخاوتن: ________________

ستران: ________________

بەرز: ________________

خۆر: ________________

وەرز: ________________

ساوا: ________________

بەخێوکردن: ________________

پۆل: ________________

ئێستا: ________________

ڕەوشت: ________________

شاخ: ________________

جووتیار: ________________

ناو: ______________

* نیشانەی (%) لە بەر دەم مەبەستی درووست دابنێ و نیشانەی (√) لەبەردەم هەڵەکان دابنێ:

1- ئەگەر یەکێک قسەی بۆ کردیت:
( ) کتێب بخوێنەوە.
( ) ڕووی تێبکەو گوێی بدەیە،
( ) لەگەڵ هاوڕێکەتدا قسان بکە.
( ) قسەکەی پێ ببڕە.

2- ئەگەر قسەت بۆ یەکێك کرد:
( ) زۆر بڵێ.
( ) دەنگت بەرز کەوە.
( ) بەدەنگێکی لەسەرەخۆی بەدەرەوە قسە بکە.
( ) قسەی ئاڵۆزی بۆ بکە.

3- ئەوانەش هەروەتر:
( ) سەرما بە هاوین زۆر دەبێت.
( ) خۆر گەرمیو ڕووناکیمان دەداتێ.
( ) تیشکی خۆر میکرۆب دەکوژێت.
( ) ڕووناکی خۆر لە شەویشدا زۆرە.

---

* لەم ڕستانەی خوارەوەدا ئەوانەی کە دروستن بە هێڵێک (خەتێک) بە یەکتریان بگەیەنە:

| | |
|---|---|
| ساڵ برێتییە لە | دروست دەکەین |
| لە پاییزدا بەرهەمی ساڵ | چوار وەرز |
| بووکە بەفرینە لە زستاندا | گوێز و مێوژ و گەز |
| شەوچەرە برێتیە لە | کۆ دەکرێتەوە |

kurdishebook.com
KURDISHeBook



ناو: ____________

* ئەم ووشانە لە شوێنە بەتاڵەکان دابنێ:

( بەخێو، ئاگر، کێشاوم، بەرگ، مامۆستا، چاوم، دڵی )

1- دەبێت ____________ نەشکێنم.

2- چاکەی وا لە بەر ____________ .

3- ____________ و جلی بۆ شتووم.

4- ڕەنجی لە گەڵ ____________ .

5- دایکم ____________ ی کردم.

6- ____________ هەمیشە دۆستی مرۆڤ نییە.

7- ____________ دەرسمان پێ دەڵێت.

* سێ وشە بنووسە کە بە وشەی (هەڵ) دەست پێدەکا! وەک: هەڵواسی.

-1 -2 -3

* ڕستەکانی خوارەوە بەم وشانە پڕ بکەوە:

کوێر، دلۆڤان، دەرباز، قوتابخانە

1. شێرکۆ بۆ ............ دەچوو.
2. کەس نەبوو دەستی بگرێت و ............ ی بکات.
3. شێرکۆی ............ پیاوێکی ............ ی لە ڕێگا دیت.

ئەم ڕستانە تەواو بکە:

1. شیر لە ............ دەدۆشرێت.
2. لە شیر . ............ و ............ دروست دەکرێت.
3. هێلکە و ماست لە ............ دەفرۆشرێت.

evinebook.blogfa.com

ناو: ______________

لەم دوو پرسیارە یەکیان وەڵام دەوە:

* بەکورتی بنووسە کە: چی لە سەر نەورۆز و دابەکانی دەزانی؟

* بەکورتی بنووسە کە: چی لە سەر ئایین و باوەڕی میدیاکان و زەردەشتیەکان دەزانی؟

* بۆ هەرکام لەو شێوە ڕستانەی خوارەوە دوو ڕستەی جیاواز بنووسەوە:

١. خەبەری:

٢. پرسیاری:

٣. ئەمری:

٤. سەرسووڕمان: